# جەڵتەی بەڕیوەبەر

**نەجات روستی**
rosti@maktoob.com

لەمەملەکەتی ئێمەکەسیتایبەتمەند بەکارێك یان پیشەیەك زۆرکەم لە فەرمانگە وشوێنەکانیکارجێگای خۆی دەگرێ. بۆیە زو زو بەهۆی نەبونی شارەزای لە بوارەی کارەکەی، لەوێ بۆ ئەوەێ دەگوازرینەوە بە تایبەتیش بەڕیوەبەرو بەرپرسی فەرمانگەکانی میری، هەربەرێوەبەرێکیش لە شوێنك دادەمەزرێ کۆمەڵێ خەلکی خۆیلە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، لەوشوێنانەیان دادەنێن کەجێگای گرنگ ونهێنین، بۆ ئەوەی هەرکارێکی نایاسایان کرد بۆی پەردەپۆشبکەن وخەڵکی تر بەم کارەی نەزانن. هەرکاتێکیش بەرێوەبەرەکە بە هۆی گەندەڵی ئیداری بێت یان کاری نایاسای بگوازرێتەوە دارودەستەکەی لەگەلێ خۆیدەگوێزێتەوەبۆ ئەوشوێنەتازەی کەبۆی گواستراوەتەوەپێش هەموانیش سکرتێرە، جوان وخرپنەکەی، بەرلەوەی ئەمری گواستنەوەی خۆی بە دەست بگات معامەلاتەکەی سکرتێرەکەی دەکات وجاریواش هەیەمێزوکەلو پەلەکانو پەردەکانی ژورەکەشی لەگەلێ خۆی دەبات، ئەو بەرێوەبەرەی کەدێتە جێگای ئەویش دەبێ کۆمەڵێ مەسروفات لەژورەکەی بکات بۆ ئەوەی وەکو جارانی لێ بێتەوە، بەرپرسی واش هەیە لەدوای دەوامی رسمیش سکرتێرەکەی لەماڵەوەو شوێنەکانی تر لەگەلێ خۆی دەهێننو بەهەمان شێوەی دەوامی رسمیش هەلسو کەوتی لەگەلێ دەکات، یەکی لەبەرێوەبەرەی دەزگایەك بەهۆی چونە تەمەنییەوە لەپرێکدا شەو لەماڵی خۆی، توشیجەڵتەی دلێ دەبێت، باری تەندروستی زۆر خراپ دەبێ ودەیبەن بۆ بەشی بوژانەوەی دلێ لەنەخۆشخانەی گشتی، زمانی بەئەستەم دەجولا، پاش ئەوەی ماوەیەك هۆشی لەخۆی نامێنێو خێزانو کەسە نزیکەکانی لەدەوری وەستاون، چاوی هەڵدێنێو بەخێزانەکەی دەلێ ئەی کوا (....) ناوی سکرتێرەکەی دەهێنێو پرسیاری دەکات، ئەڵێ بۆ لێرە نییە، خێزانەکەشی دەلێ بەم شەوە چووزانی تۆ وات لێهاتووە، ئەو ئێستا لەماڵی خۆیەتی، جەنابی بەرێوەبەریش دەلێ بانگی (. .) شۆفێرم بۆ بکەن، بەپەلە یەکێ لەکەسە نزیکەیکانی دەچێتە دەرەوەو بانگی شۆفێرەکەی دەکات کاکی شۆفێریش زۆر دلی خۆش دەبێ وادەزانێ لەخۆشەویستیان بانگی دەکات، کەدەگاتە سەر سەری جەنابی بەرێوەبەر هەواڵی تەندروستی دەپرسێ بەرێوەبەر وەلامی ناداتەوە بەتوڕەییەوە دەلێ ئەوا بۆنەچووی بەدوای (...) شۆفێرە بەستەزمانەکەش دەمی تەتەڵە دەکاتو دەلێ گەورەم ئێستا دەچم. ژنەکەی بەرێوەبەریش دەلێ نەچی بەم شەوە بۆ کوێ ئەچی ئەوا کاتژ مێر (١) ی شەوە. جەنابی بەڕێوەبەریش هەر سوردەبێ لەسەر داواکەیو بەخێزانەکەی دەلێ لەبەر تۆمە ئەگەر ئەوهات تۆ بچۆرەوە بۆ ماڵەوە پشو بدە، ئەگەر ئەو تابەیانی لێرە بێ ئەوا بەیانی چاك دەبمەوەوە دەچمەوە دائرەکەم وەکوجاران ئەگەر ئەو نێت زوچاك نابمەوە وجێگایەکەم دەگیری وبێکار دەبم.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣